تەوفیق وەهبی

بنجی کورد و زمانەکەیان

*گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد*، بەرگی دووەم، بەشی دووەم، لاپەڕە 24-1. بەغداد 1974.

تەرجەمەی لە عەرەبییەوە: ئاسۆس شەفیق. ستۆکهۆلم، نەورۆزی 2013.

ئەم بەرهەمە بە ئەلفبێی لاتینی:

https://komak.nu/B21/pdf/TW_BinciKurduZimanekeyan_B21.pdf

مێژوونووسانی موسڵمان لە دەراوێکی ئەفسانەزادەوە کاریان لەگەڵ دۆزی بنجی کورد دەکرد لەبەر ئەوەشە تۆژینەوەی زۆربەیان بایەخێکی هزری و مێژووکردیان نییە. بەڵام لە سەردەمانی نوێ و بەتایبەت لەم سەردەمەی ئێمەدا چەند تۆژەرێکی ئەورووپایی پەیدا بوون، پێشەمییان داوە بەم دۆزە و زنجیرەیەک تۆژینەوەیەیان دەست پێ کردووە کە تا ئێستاش بەردەوامە. یەک لەوانەی تۆژینەوە و بۆچوونیان لەم بوارەدا لای ئێمە دەبێت مایەی سەرنج بێت پرۆفیسۆر «ڤلادیمیر مینۆرسکی»[I] یە. مینۆرسکی نووسیارێکی پێشکەش کرد بە «کۆڕی فرەمیللیی ڕۆژهەڵاتناسی» کە ساڵی 1938 لە بروکسەل کۆبۆوە و تێیدا هاتە سەر باسی بنجی کورد و گوتی: «شرۆڤەکردنی یەکبوونی میللەتی کورد دەبێت ببرێتەوە سەر بنەمای مادبوونیان». پاشان مشتومڕی درێژخایەن لە لایەن پرۆفیسۆر مینۆرسکی و تۆژەرانی دیکە هاتە کایەوە و ئەوەی دەیهەوێت بە ئاسانی دەتوانێتبەسەریان بکاتەوە. من لێرەدا لەبری دووبارەکردنەوەی ئەو باسانە وەهای بە دروستتر و گرینگتر دەزانم مشتومڕ لەسەر ئەو بۆچوونانە بکەم کە ورووژاون و لارییان هەیە لە هەڤبەندیی کورد و ماد. چونکە گەر لێمان ڕوون بێتەوە لاریبوونەکان لەسەر بەڵگەی لاواز و هەڵە هەڵنرابن ئەوا دەبێتە پشتیوانی لەو بیردۆزەیەی سەرەوە کە دەڵێت: «کوردی ئەمڕۆ نەوەی مادن» و خۆیشم بەتەواوی لایەنگیریم.

بەرهەڵستیی هەرە گرینگ لەو باوەڕە دەگەڕێتەوە بۆ گوتارێکی دوکتور د.ن. مەکەنزی[II] کە لە ڕاپۆرتی ساڵانەی «کۆمەڵەی زمان»ی ساڵی 1961 بڵاو کرایەوە بە ناوی «بنجەکانی زمانی کوردی» و تێیدا مەکەنزی بەراوردکاری دەکات لە نێوان زمانی کوردی و زمانە ئێرانییە باوەکان بە زمانی فارسیشەوە. ئەم گوتارەی مەکەنزی پشت دەبەستێت بە گوتارێکی مامۆستا تیدیسکۆ[III] بە ناوی «تۆژنیەوەی زمانەکی لە دەقی «تورفان» ی سەربە زمانگەلی ئێرانیی ڕۆژاوا». ئەنجامگیریی ئەم تۆژینەوەیە دەڵێتدەبێت وەهای دابنێین کە زمانی کوردی بەرتاوی زمانی فارسیی نێوەڕاستە کە سەربە زمانگەلی باشووری ڕۆژاوای ئێرانە. هەروەها گومانی خۆیشی دەربڕیوە لەو باوەڕەی مینۆرسکی و تۆژەرانی دیکە کە دەڵێن زمانی کوردی سەربە زمانگەلی ڕۆژاوای ئێرانە، واتە ئەو دەڤەرەی دەبێتە نیشتمانی مێژووکردی ماد.

بەم جۆرەش مەکەنزی ئەو بیرۆکەیە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێتماد باپیرانی کوردی ئەم زەمانەن. بەڵام دەشبێت بڵێین کە مەکەنزی تەواو جێگیر نەبوو لەسەر ئەو بۆچوونەی خۆی و دیدەکەشی تەنها گریمانە بوو نەک بیردۆزەیەکی سەلمێنراوی دابڕاو. ڕاستییەکەشی بە دیدی من هەر ئەمەیە، مەکەنزی - کە وانەبێژی کوردی بوو لە «زانکۆی لەندەن بۆ تۆژینەوەی ڕۆژهەڵاتی و ئافریکایی»[IV] - زمانناسێکی ناوداره وێڕای ئەوەش من بە پێویستی دەزانم پەیجۆری بکرێت لە دروستیی ئەو بەڵگەیانەی کۆی کردوونەتەوە بۆ ڕاستاندنی گریمانەکەی خۆی. دەرفەتی وردبوونەوە لە کەسایەتیی کوردی ئەمڕۆ و مادەکان بە ڕوونی ئاماژە دەدەن بە هێزی دەرککردنیان بە یەکبوونی مێژووکردی خۆیان و ئەوەی بڕوای بەم هەڤبەندییە هەبێت گاڵتەی بە دەستەواژەکانی مەکەنزی دێت کە جاروبار توند دێنە بەرچاو. ئەوەتا دەنووسێت:

*هەوڵدانی کوردی هاوچەرخ بۆ بەدگیری (استغلال) ی مێژوو هەوڵێکی گەوجانەیە مەبەست لێی خۆڕاهێزان و خۆگەشانەوەیە. ئەمانە هەستیان کرد پێویستە ڕیشەی خۆیان بەرنەوە سەر بەرەبابێکی*

*خاوەن پاڵەوانەتی و زانیشیان مادی خاوەن سەنگ و شکۆ، کەس هەتا ئێستا بەکاری نەهێناون بۆ نۆرەیەکی وەها، پێیان وابوو چ هەرایەک چی نابێت گەر ئەمان مادەکان بۆ ئەو مەبەستەی خۆیان بەکار بهێنن. بەم جۆرەش ڕاهاتن بەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ناویان لێ نا سەردەمی ماد و هەر ئەوەندەشیان خەرجی لێ کێشا کە ژمارەی612 بخەنە سەر مێژووی ئێمە و بگەنە مێژووی ئەو ساڵەی ماد نەینەوای تێدا داگیر کرد. ئەوجا بەرانبەر ئەم تێکەڵەی داکەوتێکی کەم و خەیاڵێکی زۆر، بەڵگەی زمانەوانی گرینگیی پەیدا کرد.*

دەبێت بڵێم لە ڕاستیدا ئەوە کورد نەبوون کەوتنی نەینەوایان کردە سەرەتای سەردەم، ئەوە «ئەنجومەنی ئێرانۆلۆژیی فارسی» بوو ساڵی BC 612 وەها ناوزەد کرد[1]. وێرای ئەوەی مەکەنزی پێی وابوو گەواهیی مێژووکرد بۆ پەیوەستی ماد و کورد بریتییە لە «تێکەڵەی داکەوتێکی کەم و خەیاڵێکی زۆر» پاشان هات و پێشانی دا کە بەڵگە زمانەوانییەکان گرینگیی پەژراندنی ئەو پەیوەستەیان هەڵکشاند.

بێگومان کۆسپ هەیە دێنە ڕێی بڕیاردان لە پەیوەستێکی مێژووکردی سەلمێندراو بەڵام بەر لەوەی بێینە سەر بەڵگەکارییە زمانەوانییەکانی مەکەنزی پێم باشە یەکێک لە مەتەڵەکانی مێژوو بخەینە بەر باس و چەند چارەسەرێکی شیاوی لێ پێشنیاز بکەم. مەتەڵەکەش ئەمەیە: ئەرێ ماد چییان بەسەر هات؟

ئەم ناوچەیەی دەکەوێتە باکووری عیراقی ئێستەوە لە کۆتای سەدەی پێنجەمی پێش زایین، لە باکووری چیای «حەمرین» ـەوە بە کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەدا هەتا سنووری وەڵاتی «کەردۆخی» لە باکوور، بەشێک بووە لە وەڵاتی ماد (بڕوانە زێنۆفۆن$^{V}$: «ئاناباسیس»)[2]. پاشان لە کۆتای سەدەی هەفتەمی زایینەوە ناوی میللەتی «ماد» لە نێو ئێراندا خامۆش دەبێت و چیدی نایەتە ناسین. لەگەڵ ئەوەشدا پاشماوەی مێژووکرد هەیە ئاماژە دەدات بەوەی لە کۆتای سەردەمی ساسانەکاندا ئەم ناوی «ماد»ە بە شێوازی دیکەی وەک «مای» و «ماس» بوونی هەبووە. تەنانەت لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامدا ئەو ناوە وەک «ماهـ» هەبووە و لە ناوی دوو ناوچەی «ماهـ الكوفە» و «ماهـ البصرة» بەکار هاتووە.

لەوەش بترازێت پاشماوەی ئارامیی مەسیحییەکان ئەم ناوەیان هەتا کۆتای سەردەمی ساسانەکان، بە شێوە بنجییەکەی خۆی «مادای» پاراستووە. وشەی «مادیا» بۆ «نیشتمانی ماد» و «مادای» بۆ «گەلی ماد» بەکار دەهێنران. دەیسا چی ڕووی دا و چی بووە هۆی سڕینەوەی ناوی ئەم میللەتە شکۆمەندە؟ نەشمان بیستووە کارەساتێک لە سەردەمی ساسانەکاندا ڕووی دابێت و مادی خاپوور کردبێت. لەبەر ئەوە پێم وایە، گەرچی ناوی ماد لە بیران سڕایەوە، بەڵام ئاشکرایە مادەکان خۆیان هەر بەرژیانن و کورد نەوەی مادن.

---

1 – محمد جواد مشکور، تاریخ ایران باستان علی روایة ابن العبري، طهران، 1974، ص 29.

2 – هەروەها بڕوانە نەخشەی لاپەڕە 14، Rex Warner, *The Persian Expedition*, 1957.

خێڵە کوردە هیندۆ-ئەورووپایی بەهێزەکان لەتەک خزمە ڕەوەندەکانی دیکەیان کە پاشان ئاوێتەیان بوون، لە دێرزەمانەوە بووبوونە هەرەشە لە وەڵاتی ماد. مێژوونووسی یۆنانی «پۆلیپیۆس» (205-125 BC)[VI] لە The Histories دا باسی وەڵاتی ماد دەکات و دەڵێت:

*گشت سنووری شانشینی ماد دەورە درا بوو بەو شارە یۆنانییانەی پاش داگیرکارییەکانی ئەسکەندەر، بەمەبەستی بەربەستن لە دەراوسێ کێوییەکان، بنیات نرابوون.*

مێژوونووسی ئێرانیش «حەسەن پیرنیا»[VII] پێمان دەڵێت: خێڵە چیانشینەکان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سەلوکەس-ی دووەم کالینیکوس (246-226 BC)[VIII]- دا خاوەن قەڵای تۆکمە بوون، نەدەهاتنە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی یۆنانەوە.

لە هەموو ماوەی فەرمانڕەوایی سەلوکی، میری نەیتوانی ئەو خێڵە ڕەوەند و نیمچە ڕەوەندانە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. پاشان لە سەردەمی جێگرەوەی سەلوکی - واتە «ئەرشاکی»[IX] کە ساڵی 226 ی زایینی دەسەڵاتە لاوازەکەیان کۆتا بوو - دەسەڵاتی دەرەبەگی ناوچەفەرمان زیادی کرد و بەوەش خێڵە ڕەوەندەکان زاڵتربوون بەسەر وەرزێڕ و جوتیاردا.

لەوەشەوە دەردەکەوێت کە دەمەو کۆتای فەرمانڕەوایی «فەرتی»،[X] گەلی کوردی ئاری دەستی بەسەر چیاکانی وەڵاتی مادا گرتبێت. بۆ کەسانێک لە خولیای ئەم باسانەدا بن، ئەم دیاردەیە ڕوونی دەکاتەوە بۆچی یەکەم هێرشی یەکەم شای ساسانەکان: «اردشیر بابکان»[XI] (241-226) ی زایینی بۆ داگیرکردنی وەڵاتی ماد بووە. ئەوەی پێی دەگوترێت «کارنامەگی ئەردەشیری پابەک»[XII] کە لەشکرکێشییەکانی «ئەردەشیر» لە تێکەڵەیەکی دیرۆک و ئەفسانەدا تۆمار دەکات، بەڕوونی پێشانی دەدات کە هەردوو ناوی «ماسی» - کە هەر دەکاتەوە «مادی» - و «کورد»[3] ناوی یەک میللەتن. هەر نەبێت لایەنی کەم ئەو بارە وەها بوو هەتا کۆتای سەدەی شەشەم، کە بە مێژووی «کارنامەگ» دانراوە.

«کارنامەگ» وردەکاریی هێرشی «ئەردەشیر» بۆ سەر مادەکان بە زمانی پەهلەوی تۆمار دەکات و دەڵێت:

*«ئەردەشیر» پاش ئەوەی «ئەردەوان»- ی پێنجەم دەکوژێت کە شای «فەرتی» [پارتییان، ئەشکانی] یەکان بوو، لەشکرێکی گەورەی لە «زابل» [زابول] شەتەک دا و چووە جەنگی «کوردان شاهی ماسی» – «کوردان شاهی ماد».*

(بەشی 5-1 )

3 - ناوی «کورد» لە «کارنامەگ» دا بە «ت»ی پەهلەوی نووسراوە نەک بە «د».

هەر لەو بەشەدا «کارنامەگ» دەڵێت:

*لەشکری ماد پێی وابوو ڕزگاری بووە لە لەشکری ئەردەشیر کە شکەستی هێناوە و بەرەو وەڵاتی فارس پاشەکشەی کردووە.*

چیرۆکەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

*بەڵام ئەردەشیر بە چوار هەزار پیاوی ئامادەوە لە ناکاو پەلاماری «مادەکان» ی دا و هەزار پیاوی لە کوردەکان کوشت و ئەوانەی دیکەی بریندار و بەزیوی بە دیل گرت و لە سامانی کوردەکان زۆری بە تاڵان برد.*

(بەشی 9-5-11).

کەواتە ئەم ڕاگواستانەی سەرەوە پێشانی دەدەن کە نووسەری «کارنامەگ» - کە لە کۆتای سەدەی شەشەمی زایینیدا ژیاوە - هەر وەک باسمان کرد، ماد و کوردی بە یەک گەل داناوە.

هەروەها کتێبێکی دیکەی مێژوو هەیە بە زمانی ئارامی باس لە هەولێر دەکات و لە سەدەی پێنجەمی زایینیدا نووسراوە، دەڵێت:

*شاهپووری یەکەمی شای ساسان لە یەکەم ساڵی فەرمانڕەوایی خۆیدا پەلاماری مادە چیانشینەکانی دا و ساڵی 42 BC، لە جەنگێکی دژواردا زاڵ بوو بەسەریاندا.*

بێگومان ئەو مادە چیانشینە هەر دەبێت کورد بن.

ئەو ناوچەیەی کورد خۆی تێدا سەپاند هەر ئەوە بوو کە ئێستا پێی دەگوترێت کوردستان بە فرەوانترین واتای ئەو چەمکەوە. بەڵام کورد خۆی بەسەر گشت وەڵاتی ماددا نەسەپاند، بەشێک لەو ناوچەیەی پێی دەگوترێت باکووری ئازەربایجان بوونە تورک. ناوچەی دیکەی باکووری ڕۆژاوای کەناری دەریای قەزوین و هەروەها ناوەندی ئێران، بە کوردی ناوزەد نەکراوە گەرچی شێوەزار هەن لەم ناوچانە دەچوونەوە سەر «زمانی کرمانجی». بەڵام ناوی کورد لە زۆر ناوچە ناوی «ماد» و ناوی خێڵە ئارییەکانی دیکەی لە ئامێز گرت.

به دیدی من ناوی «ماد» پێچرایەوە و ناوی «کورد» جێی گرتەوە هەر بەو جۆرەی لە فرەنسا ناوی «فەرەنگ» جێی ناوی «گال»XIII ی گرتەوە[4]. ئەوەشمان لە لا ڕوون نییە پاش خامۆشبوونی ناوی «ماد» ڕێک کەی ناوی «کورد» جودا کرایەوە لە ناوی دانیشتوانی «کرمانج» ی شارنشین و گوندنشین. ئەو کوردەی خۆی بە «کورد» ناوزەد دەکرد، بە خەڵکی نیشتەجێی دەگوت «کرمانج». پاشان ئەو ناوە لە نێو میللەتەکە خۆشیدا هاتە بەکار هێنان و ئەوانیش بە خۆیان دەگوت «کرمانج».

بەڵام «زازا» بە خۆیان دەڵێن «کورد» و بە «کرمانج» یش دەڵێن «کرداسی»[5]. دوور نییە پاشگری «ئاسی» لە «ئاسا» وە وەرگیرابێت و گەر وەها بێت دەکاتەوە «بە شێوازی کوردی» (ئەوەی کورد لای باشە - کوردپەسەند). لەم سەردەمانەدا، لە ناوچەکانی «سۆران» و «موکری» بە گوندنشین دەگوترێت «کرمانج» بەڵام ئەو ناوە لای شارنشین و لە نێو خێڵاندا بە واتای «کەسی وابەستەی زەویی خاوەندار» دێت. بەڵام دانیشتوانی ناوچەی «کوردستان» ی ئێران، مەبەستم ناوچەی «سنە» یە، و هەروەها ناوچەی «خانەقین / خانەقی» بە خەڵکی دیکەی نا «گۆران» ی ناوچەکانی ڕۆژاوا و باکوور دەڵێن «کرمانج». بەڵام دانیشتوانی سولەیمانی و کەرکووک ئەم ناوەیان فەرامۆش کردووە گەرچی ئەوەی لەوێ «گۆران» نییە بێگومان «کرمانج» ـە. ئەمانەی ناوی «کرمانج» یان فەرامۆش کردووە بە گوندنشین دەڵێن «مسکێن» (وابەستەی زەوی) و دووریش نییە لە «مەس / ماد» ەوە وەرگیرابێت.

کوردی باکووری زێی گەورە بە خۆیان دەڵێن «کرمانج» و بە زمانەکەی خۆشیان دەڵێن «کرمانجی». جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێین شاعیری گەورەی کورد، ئەحمەدی خانی، نووسەری کتێبی «مەم و زین» دەربارەی بەسەرهاتی پاڵەوانان (ساڵی 1693)، کە بە زمانی کرمانجیی ژووروو نووسیویەتی، ناوی «کورد» و «کرمانج» ی بە جێگۆڕکێ و بە نۆرە بەکار هێناوە. بە نموونە:

دا خەلق نەبێژەتن کو ئەکراد
بێ مەعریفەتن، بێ ئەسل و بنیاد

ب فکر ژ عەرەب ... هەتا ڤە گورجان
کرمانجی یە بوویە شوبهێ بورجان

4 - بڕوانە ئەو دوو گوتارەی لە گۆڤاری «گەلاوێژ» دا بڵاوم کردوونەتەوە: ژمارە 2 و 3، بەغداد، ساڵی 1940. لەوێدا باسم لە پێچرانەوەی ناوی «ماد» کردووە لە نێو ناوی «کورد» دا.

5 - بڕوانە: Kemal Badilli. *Kürtçe gramer*, lapere 216.

له کوردستان ناوی کورد جێی ناوی کرمانج ی گرتەوە و بەدەم ئەو گۆڕانکارییە جڤاکی و زمانەکییەوە، وشەی کرمانج ما و تەرخان کرا بۆ شێوەزارە هەرە گەورەکەی کوردی. ئەم شێوەزارە هەرە گەورەیەی کوردی سێ شارێچکەی لێ دەبێتەوە:

- کرمانجیی ژووروو: بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، ئاشینی، بادینی، ئۆرفەیی... هتد.
- کرمانجیی نێوەند: سۆرانی، موکری، سولەیمانی، سنەیی...
- کرمانجیی ژێروو: کەلهوڕی، لەکی، پشتکوهی...

سنووری کرمانجیی ژووروو لەگەڵ کرمانجیی نێوەند لە نێزیکەی کەناری باشووری «دەریاچەی ورمێ» وە دێت هەتا نێزیکترین خاڵی زێی گەورە و لەوێشەوە لەگەڵ ڕێژەوی[XIV] ڕووبارەکە دەچێت هەتا دەگاتە ڕێژگەی[XV] خۆی. سنووری نێوان کرمانجیی نێوەند و کرمانجیی ژێروو لە نێزیک باکووری کرماشانەوە دێت بۆ خانەقین و قەشقە (چیای حەمرین).

لێرەدا باسی دابەشینی شێوەزارەکان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو هەڵەیە هات کە بەشێک لە شێوەزارە ناسۆرانییەکان بە سۆرانی دادەنێت. ئەم بابەتەشم لە گوتارێکدا بە ناوی «دەربارەی شێوەزارە کوردییەکان» باس کردووە - بڕوانە: گەلاوێژ، ژمارە 4، بەغدا، مانگی نیسانی ساڵی 1940. بەوەش من یەکەم کەس بووم لەو گۆڤارەدا، لە سنووری جیۆگرافیی شێوەزارە کوردییەکانی تۆژیبێتەوە.

ئەوجا با بگەڕێنەوە بۆ باسەکەی مەکەنزی، نووسیویەتی:

*لە ڕاستیدا تاکە ئاماژەی ئاشکرا دەربارەی کورد لای نووسەرە دێرینەکانی بەر لەم زەمانەی ئێمە، یەک بەدوا یەکدا بریتییە لە «پۆلیبیوس»، «لیڤی» و «سترابو»[XVI] کە باسی «کورتی» دەکەن، دوو مێژوونووسی یەکەم دەڵێن: «ئەمانە تەنها جەنگاوەری یەدەگی ڕمهاوێژ بوون لە نێو لەشکری ماد و ئاسیای بچووکدا». بەڵام «سترابو» ئاشکراتر ناوزەدیان دەکات بە «چیانشینی سەرەتایی خەڵکی وەڵاتی ماد، ئەرمەنستان و هەروەها وەڵاتی فارس».*

جگە لەم تاکە ڕیزپەڕە، گشت بەڵگە سەلمێنەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کورد یەکێکە لە میللەتانی ماد، واتە ئەو بۆچوونەی پرۆفیسۆر مینۆرسکی لایەنگیریەتی.

من دەڵێم ئەو تۆژەرانەی کاریان لەسەر هەڤبەندیی نێوان «کەردوخی» و «کورتی» و هەڤبەندیی ئەو دوانە لەگەڵ ناوی «کورد» کردووە، گشتیان هاوڕان لەسەر ئەوەی «کورتی» بەرەبابی کوردن بەڵام لەسەر ئەو «کەردووخ» ەی زێنۆفۆن باسیان دەکات، بۆچوونی جیاواز هەیە. بەشێکیان باوەڕیان وایە کە هەم «کەردووخ»

و هەم «کورتی» وێنەی هەرە دێرینی وشەی کوردن. بە بۆچوونی بەشێکی دیکەیان وشەی «کەردووخ» هەڤبەندی ناوی «کورد» نییە.

گ. ر. درایڤەر[XVII] یەکێکە لە توێژەرانی جۆری یەکەم. ئەم هات و لیستێکی دووورودرێژی تۆمار کرد بەو ناوانەی لە کتێبە دێرینەکاندا هاتوون و گوتی ئەم ناوانە ڕیشە ناوی «کورد»یان تێدایە[6]:

- کەرد — وو (— خی)
- کورت — ی (- ی)
- کورد — و (یتی)
- گۆرد — ی (- ین)
- گۆرد — ی (- یی)
- کورد — و (ینا)
- قەرد — وو (السریانی)

درایڤەر هەنگاوێکی بەرینتریشی نا و گوتی:

*دوور نییە ئەو پارچەقوڕینە سۆمەرییەی کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین و ئاماژە بە خاکی «کەردە» دەکات، کۆنترین شوێنەوار بێت دەربارەی کورد.*

دەڵێم ئەم پارچەقوڕینەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی «شورسین» ی پاشای «ئوور» ( 1970-1978 BC). ئەو ناوەش دەشێت بە «کەردەکە» یش بخوێندرێتەوە (بڕوانە Ignace, p38. HVR. And sub) چونکە ئەو بزوێنەی بەدوای دەنگی ددانەکیدا دێت لە ڕەگی سەربە گشت ئەو ناوە کلاسیکانە، بەلای منەوە گرینگی و مەبەستی تایبەتیان هەیە. ئەو بزوێنە یان «ی» یە یان «و» کە پێمان وایە لە «ئەکە» وە فراژی بووە. جا ئەگەر هەڵە نەبم، ئەوا دەشێت وێنەی «کەرد - دوو»، «کورت - ی»، «کورد - ی»، «کۆرد - وو» هەروەها ناوەکانی دیکە نێو لیستەکە جۆرێکن لە فراژیبوونی وشەی «کەرد - ەکە» ی پارچەقوڕینە سۆمەرییەکە.

«خان - ـەک» شێوەی بنجییە بۆ وشەی «بیت». ئەم وشەیە لە شێوەزارەکانی کرمانجی ژووروو، شێوەزارەکانی سۆرانی و کرماشانیدا بە «خان — ی» هاتووە. بەڵام لە شێوەزاری موکری و سولەیمانیدا دەبێتە «خان - وو».

6 – بڕوانە ناوی «کورد» لە «گۆڤاری کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیاوی»، ساڵی 1923 – Journal of the Royal Asiatic Society

له شێوەزاری سنەدا پێی دەگوترێت «خان - گ». ئەم شێوەیەی دوایین پلەی دووەمە لە فراژیبوونی وشەکە لە «خانەک» ـەوە:

- «خان - ـەک»، «خان - گ»، «خان - ی»، «خان - وو»

دەتوانین نموونەی دیکەی زۆر لەم جۆرە بێنینەوە، بە تایبەتی لەوەی پەیوەستی ڕابردووی تەواو Present Perfect ـە. ئامرازی «ئەکە» پاشگرێکی ئاشنا و بەرچاوی هیندۆ-ئێرانییە کە لە بنجدا هیندۆ-ئەورووپییە[7].

«مەکەنزی» بۆ پشتیوانی لە گریمانەکەی خۆی پتر پەنای بردە بەر بەڵگەی زمانەوانی وەک لە بەڵگەی مێژووکرد. لە ڕاستیشدا، بە پەژرانی [إعتراف] خۆی، نەیتوانییەوە بۆ پشتیوانی لەو بیرۆکەیە بەڵگە لەو زەمان و زەمینە بێنێتەوە کە دەشیا زمانی کوردی تێیاندا بەرتاوی زمانی فارسیی نێوەڕاست بووبێت - وەک خۆی دەیگوت — بۆیە پەنای بردۆتە بەر بەڵگەی زمانەوانی بۆ پشتیوانی لەو بیرۆکەیە - کە ناگونجێت لەگەڵ باوەڕی ئێمەی دەڵێین کوردی ئەمڕۆ نەوەی «ماد»ن.

مەکەنزی وێرای شارەزاییەکی کەم لە کوردیدا، پێشانی دەدات کە «ئاڤێستایی» بنەمای شێوەزارەکانی کوردین. ئاشکرایشە کە زمانی مادی زمانێکی سەرەکییە لە نێو ئەوانەی پێیان دەڵێین زمانی باکووری ڕۆژاوای ئێرانی. زانایانی زمان بەگشتی هاوڕان لەسەر ئەوەی زمانی کوردیی هاوچەرخ لە ڕاستیدا یەکێکە لە پۆلی زمانەکانی باکووری ڕۆژاوای ئێرانی. بەلای شارەزایانی هەڵکشیوی زمانی کوردیی هاوچەرخیش هەردوو زمانە دێرینە ئارییەکە (کوردی و ئاڤێستایی) مادین.

پەیجۆریی ورد بۆم دەسەلمێنێت کە بەڵگەکانی مەکەنزی لەوە نزمترن بنە سەپێنەر. مەکەنزی دوو خاڵی زانراو لە لای گشت شارەزایانی زمانە ئێرانییەکان دەکاتە بەڵگە بۆ تاوی زمانی فارسی لەسەر زمانی کوردی:

خاڵی یەکەم بریتییە لەو گۆڕانکارییە ناکاوەی بەسەر زمانە ئێرانی، کوردی و بەلووچیدا هات بە گۆڕینی «ی Y» ی فەرامۆشکراوی دەستپێکی وشە بە «ج» ی ئێستا. کەچی شێوەزاری «گۆرانی»، کە تایبەتمەندیی زمانە باکوورییەکانی هەیە، ئەم گۆڕانکارییەی بەسەردا نەهاتووە. ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەو گۆڕانکارییە بەسەر زمانەکانی کرمانجی، بەلووچی و فارسیدا هاتووە کەواتە - بە بۆچوونی مەکەنزی - بێگومان زمانی کوردی کەوتۆتە بەرتاوی زمانی فارسیی نێوەڕاستەوە.

ئێمەش لە مەکەنزی دەپرسین ئایە ئامادەیە هەمان پێوەر بەکار بێنێت بۆ زمانی هەورامی و شێوەزارە ئێرانییەکانی دیکە بۆ گەیشتن بە هەمان هۆکاری ئەو گۆڕینەی Y بە «ج»؟

زمانی «گۆرانی» کە گۆیا ئەو دەنگە فەرامۆشکراوەی پاراستووە، لە ڕاستیدا ئەویش لە یەک لە شێوەزارەکانیدا — شێوەزاری گرینگی هەورامی - ئەو گۆڕانکارییەی بەسەردا هاتووە: لەوێدا یەک وشە ئەو گۆڕانکارییەی پێوە

7 - بڕوانە: توفيق وهبي، «أصل إسم كركوك»، مجلة «الكتاب»، بغداد، العدد الأول، السنة الأولى، 1958، ص 14.

دیاره، «جەژن» ی هەورامی، بە فارسی «جەشن» ـە. چەند وشەیەکی کەمی دیکەش هەن لە هەورامیدا ئەو گۆڕانکارییەیان بەسەردا هاتووە، وەک: «یامە» کە دەکاتەوە شووشە - «جام» ی ئێستە. هەروەها «یەڤەن» (هەرزەکار) بۆتە «جوان» [جەوان] هەروەها وشە «یاتوو» ئێستە بۆتە «جادوو». لە فارسیی کۆندا وشەی «یوڤیا» واتە «المیری» ئێستە بە هەورامی بۆتە «جوا».

تەنانەت گەر بشسەلمێنین وشە هەوارمییەکان لە فارسییەوە خوازرابن - گەرچی گونجاوترە تەنها وەک شێوەزار فراژی بووبن - ئەوا هەمان لێکدانەوە دەست دەدات بۆ شێوەزاری کرمانجی و شێوەزارەکانی دیکەش، واتە دەستپێکی وشە بە «ج» لە بری «ی» ی ئاڤێستایی. لەگەڵ ئەوەشدا لە کرمانجیدا شوێنەواری ئەو دەنگە دێرینەی «ی» م دۆزیوەتەوە، بۆ نموونە:

- «کو» - «کو - یە» - «کو - یای» کە بەرانبەر «کوجا» ی فارسییە بە واتای «کوێ»

هەروەها لە وشەکانی:

- «ئەمێ» - «ئەم - یای» و «ئەوێ» - «ئەو - یای» کە بەرانبەر «أین - جا» و «آن - جا» ی فارسین، بە واتای ئێرە و ئەوێ.

لە لایەکی دیکەوە، لە کرمانجیدا «جێ - یای» بە واتای «جێگە» بەکار دێت وەک «جای» ی فارسی. بەڵام هەورامی هەتا ئێستاش لە وشەی «یاگە» دا «ی» ـەکەی پاراستووە کە لە کرمانجیدا «جێگە» یە.

خاڵی دووەم کە مەکەنزی دەربارەی شێوەزاری «گۆرانی» دەیورووژێنێت بریتییە لە گۆڕانکارییەکی دیکە لە سەرەتای وشەدا، ئەویش گۆڕینی «هوە-» ی کۆن بە «و W» ی ئێستە. بە دیدی مەکەنزی ئەم گۆڕانکارییە لە «گۆرانی» ـدا ئاماژەیە بەوەی شێوەزارەکانی دیکە لە فارسییەوە نێزیکترن چونکە لە کوردی و فارسیدا ئەم «هوە» گۆڕاوە بە «خوە».

بەڵام من پێم وانییە ئەم ڕێکەوتە هێندەی لەبار بێت ببێتە بڕیاردەر لەسەر بوونی هەڤبەندیی تایبەت لە نێوان کوردی و فارسیدا. چونکە نێزیکەی گشت شێوەزارە ئێرانییەکان، هەر لە پامیر-ی باکووری ڕۆژهەڵاتەوە هەتا گیلان و کوردستان لە باکووری ڕۆژاوا بە شێوەزارەکانی ناوەندی ئێرانیشەوە، هەر وەک فارسی، ئەم «هوە» ی تێیاندا گۆڕاوە بۆ «خوە». ڕیزپەڕ لەم بارەدا شێوەزارەکانی گۆرانی، زازا و بەلووچییە. تەنها یەک وشەش هەیە لە شێوەزاری «لازگەردی» ـدا ئەویش وشەی «ووڤ» ـە لە «هڤەفنە»ی ئاڤێستاییەوە هاتووە کە دەکاتەوە «خەو».

ئەوجا گۆڕینی «هوە» بە «ف» ی مادی لێرەدا شی دەکەمەوە:

مەکەنزی بۆ ئەوەی گومانی دیکەش بخاتە سەر ئەوەی کوردی زادەی مادییە، دەڵێت: ((جێی سەرنجە کە یەک تایبەتمەندی هەیە لە زمانی مادیدا کە لە زمانی کوردیدا نییە، ئەویش تایبەتمەندیی فراژیبوونی «هوە» یە بۆ «ف»)).

منیش دەڵێم ئەم تایبەتمەندییەی «هوە - ف» تەنها لە ناوی «هڤەرنە» ی ئاڤێستاییدا هەیە کە دەکاتەوە ناوی «فەرنە» ی مادی بە واتەی شکۆ و شکۆمەندی. بۆ یەکەم جار ئەم ناوەی «فەرنە» ی مادی لە تۆمارەکانی «سەرگۆن» ی شای ئاشووریان (BC 722-705) دۆزراوەتەوە کە دەربارەی هێرشەکەی ساڵی BC 704 یە بۆ سەر وەڵاتی «لەتیین» کە دەکەوتە باشووری دەریاچەی «ورمێ» وە. لە نێو ئەو سەردارانەی سەرانەیان دا، سەردارێکی ماد بوو بە ناوی «ئەورپەرنو Aurparnu»، ئەم ناوەش تێکبەستەی دوو ناوە: یەکەمیان «ئەورە» کە ناوی خوداوەندی مەزن بوو لای هەخامەنشی «ئەوەرە - مەزدا» و دەکاتەوە «خودای ژیر»، ناوی دووەمیش «پەرنو»[8] ە، ئەمیش دەربڕینێکی ئاشووریانەیە لە وشەی «فەرنە» بە واتای «شکۆمەندی». ئەم وشەیە لە ناوی «ڤیندە - فەرنە» دا هەیە و ناوی یەکێکە لە یاوەرانی «داریووش» کاتێک کورسیی فەرمانڕەوایی گرتەوە دەست (ساڵی BC 521).

لە فارسیی نوێدا دوو ناوی هاوواتا هەن: «خۆڕە» و «فەڕە» (هەردووک بە ڕێی گیر) بە واتای «شکۆ». وشەی دووەمیان میراتێکی مادییە. لە کوردیدا وشەی «فەڕ»[9] مان هەیە و «خوڕە» مان نییە. بەڵام وشەی «ورە» مان هەیە کە دەکاتەوە «ڕژدی، دلێری و توانای گیانی» و لەوەش دەچێت فراژیی وشەی «هورەنە» ی ئاڤێستایی بێت هەر وەک ئەوەی «خورە» ی فارسیش بنجی ئاڤێستاییە.

ناشێت ئێمە چاوەڕێ بکەین زمانی کوردی خەسڵەتێکی تایبەت بپارێزێت تەنانەت گەر ڕیزپەڕییەکی دەگمەنیش بێت و لە گشت شێوەزارەکانی دیکە خامۆش بووبێتەوە، فارسی نەبێت. ئەو ڕیزپەڕانەش لە یەک گوندی ناوچەی فارس و لە دوو گوندی بچووکی بیابانی نێوەندی ئێران بە کردەوە هەبوون.

لێرەشدا چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو نەک بۆ پشتیوانی لە بۆچوونی خۆمان چونکە پێویستی پێی نییە، بەڵکوو بۆ فرەواندنی ئاگاداری:

---

8- ناوی یەک لە پاڵەوانەکانی هەولێرە لە سەدەی چوارەمی زایینیدا، بریتییە لە «فەر» و لە «فەرنە» ی مادی کۆنەوە وەرگیراوە. ئەم پاڵەوانە بە «قەرداغ» ناو دەبرا. لە تۆمارە ئارامییە مەسیحییەکاندا ناوەکە «گوپەر - ئەشنەسپ» بووە، واتە «شکۆی ئەشنە ئەسپ» - «پەڕگوشنەسپ» - «پەڕ — گوشن - ئەسپ» ئەویش دەربڕینێکی ئارامییە بۆ ناوە ئێرانییەکەی «فەڕ — گوشن - ئەسپ» بە واتای «شکۆی — گوشن - ئەسپ». ناوی «گوشن ئەسپ» واتە «جوانوو». ئەمیش یەکێکە لەو دە جەستاندن [بەرجەستەبوون] ـەی «یەزەتە» ی جەنگاوەر لە بەردەم «زەردەشت» ـدا پێیاندا تێدەپەڕێت بەرەو «ڤرەثرەغنە» ی ئاڤێستایی. ناوی «ڤرەثرەغنە» لە پەهلەویدا گۆڕا بە «فەرهران — ڤەرهرام - ڤاهرام» و لە فارسیی نوێشدا بووە «بەهرام» و لە کوردیدا بووە «بارام» - ئەویش ناوی هەسارەی «مارس / مریخ» ـە.

9 - گوتارێکی دیکە بڵاو دەکەمەوە تۆژینەوەی «فەڕ» تێیدا وردتر دەبێت.

ناوچە هەیە لە زمانی بادینانیدا (بنزاریکە لە شێوەزارەکانی کرمانجیی ژووروو) لە کوردستانی عیراق، خەڵک لە بری «خارن» دەڵێن «فارن»، واتە «خواردن». هەم هەورامی و هەم کرمانجیی ژووروو بە «ئاخوڕ» دەڵێن «ئافەر». لە کرمانجیی ژێروودا وشەی «فێنک» cool هەیە لە فارسیدا «خونوک» ی بەرانبەرە. وشەی دیکەش هەن دەنگی «خ» دەکەنە «ف».

کوردیی ئەم سەردەمە وشەی «فەڕ» وەک فارسی بەکار دەهێنێت. لە کوردیی ڕۆژانەدا لە شێوەی تێکبەستەدا دێت، ڕێک وەک ئینگلیزی... بەڵام لە شێوەزاری موکریدا شێوەی تێکبەستەی «بەد - فەڕ» هەیە کە وشەیەکی کوردیی هاوچەرخە بەرانبەر «دوش - هڤەرنە» ی ئاڤێستایی بە واتای مرۆڤی سووکی نەوی. لە کرمانجیی نێوەڕاستدا دەبێتە «بێفەڕ».

مەکەنزی بۆ پێشاندانی پێگەی زمانی کوردی بە باوەڕی خۆی پەنا دەباتە بەر هێڵکارییەکی زانای زماناس «تیدیسکۆ» دەربارەی زمانە ئێرانییەکان و بۆ ڕوونکردنەوەی هێڵکارییەکە دەڵێت:

*لێرەشدا وا پێدەچێت زمانی کوردی دوور کەوتبێتەوە لە زمانی مادی، گەر وردبینەوە لە ناوی پێتەختی ماد دەبینین یۆنانی کۆن دەڵێت«ئەگبەتانە - ئیکبەتانە» و فارسیی کۆن دەڵێت«هە(ن)گمەتانە»، هەردووکیان هەمان شێوازی «گمە-تە» یان تێدایە، بەڵام لە کوردی شتی وەها بوونی نییە.*

دەبا لەم دوو شێوازە ورد بینەوە. لە «گەت» و «کمەت» ی ئاڤێستاییەوە، کوردی شێوازی «ئەگەت» ی پاراستووە و لە گەردانی کاری «هاتن» دا بەکاری دەهێنێت. بەڵام لە فارسیدا «ئامەدەن» بەرانبەر «هاتن» ـە و شێوازەکەی دیکەی «ئەگمەت» لە گەرداندا بەکار دەهێنێت. مەکەنزی ئەمە دەکاتە ئاماژەیەک گۆیا زمانی کوردی بەستەری پتەوی نییە بە زمانی مادییەوە چونکە کوردی «کمەت» بەکار ناهێنێت بەڵام فارسی بەکاری دەهێنێت. کەچی دەبینین لە ڕاستیدا کوردی جۆرە گەردانێکی کاری هەیە ئەو شێوازە بەکار دەهێنێت کە لە بنجدا واتای «هەن - گمەتانە» (هەمەدانی ئێستە) دەدات ئەویش - لە کرمانجیی ژوورووودا — کاری تێپەڕی «هینگاڤتن» و کاری تێنەپەڕی «هینگیڤتن» ن — لە شێوەزارە کرمانجییەکانی دیکەدا تێپەڕ: «ئەنگاوتن» و تێنەپەڕ «ئەنگووتن». دوور نییە مەکەنزی لە *«فەرهەنگی ژابا»*[XVIII] (ی کوردی - فرانسی) دا شێوازی ژوورووی دی بێت. بەڵام ژابا لە دیاریکردنی بنجی وشەکەدا دروستی نەپێکاوە، ئەوەتا نووسیویەتی بنجی کاری «هینگیڤتن» هەمان ڕیشەی کاری «کەفتن»ی هەیە. بەلای منەوە ئاشکرایە کە بنجی ئەو کارە دەگەڕێتەوە بۆ «هەنگمەمەت» بە گۆڕینی «م» بۆ «ڤ» لە کرمانجیی ژوورووودا و بۆ «و» لە شێوەزاری دیکەدا.

کاری «ئەنگاوتن» دەکاتەوە «پێکانی ئامانج / پێکان»، وردتر بڵێم «کۆکردنەوە / تێکگیرسان». لە کرمانجیی نێوەندیدا وشەی «پێکان» هاوواتایەتی. ئەم وشە نوێیە لەوە دەچێت لە «پە — یەک - دان» ەوە هاتبێت — بە واتای پیتەکی دەبێتە «تێکگیرسان» — بەڵام مەبەست لێی «پێکانی ئامانج» ـە.

هەرچی «ئەنگووتن - هینگیڤتن» ـە کاری تێنەپەڕە و لە کرمانجییدا باوە و نێزیکتریشە لە بنجی «هەنگمەت» ـەوە. جێی سەرنج لێرەدا ئەوەیە — ئەوەندەی من بزانم - ئەم کارە و هەروەها شێوەی تێپەڕی وی its causative «ئەنگاوتن - هینگاڤتن» نە لە فارسیدا هەن و نە لە هەورامیدا. بەڵام «ئەنگاوتن» لە زمانی «فەرتی»[XIX] دا هەیە. لە «فەرتی» دا وشەی «ئەنگەودەن» هەیە بە واتای «تەواوکردن». لە کوردیدا دوو پەیڤی دیکە هەن هەر لە «هەنگمە» وە وەرگیراوەن، ئەوانیش: «ئاکام» و «ئەنجامە» - کە دەبنە ئاماژە بۆ هەڤبەندی لەتەک شێوەزارەکانی باکووری ڕۆژاوا.

دوکتور مەکەنزی پێشنیازی خەسڵەتێکی دیکەش دەکات بۆ نێزیکبوونەوەی کوردی لە فارسی و دوورکەوتنەوەی لە زمانی «فەرتی». ئەو خەسڵەتەش بە بۆچوونی ئەو، بریتییە لە بەکارهێنانی «خستنەسەر - إضافة» لە کوردی و فارسیی نێوەڕاستدا و بەکارنەهێنانی لە زمانی «فەرتی» دا.

ئاڤێستایی ئەم جێناوە هەم وەک جێناوی «نیسبەت» بەکار دەهێنا و هەم بۆ «خستنەسەر». بەڵام لە فارسیی نێوەڕاستدا بەکارهێنانی وەک «جێناوی نیسبەت» سنووردار بوو. ئەم زمانە بۆ «جێناوی نیسبەت» پتر «کە» و هاوجۆرەکانی بەکار دەهێنا. لە فارسیی تازەشدا «ی» ی کۆن بۆ «جێناوی نیسبەت» بەکار نایەت، تەنها بۆ «خستنەسەر - إضافة» یە.

زمانی کوردی پەیڕەوی ئاڤێستایی دەکات و ئەم ئامرازە هەم «جێناوی نیسبەت» و هەم بۆ «خستنەسەر» بەکار دەهێنێت و لەمەشدا چ بەرپرس نییە لە بزربوونی وشەی «خستنەسەر» لە زمانی «فەرتی» دا. ئەوەتا شێوەزارە کرمانجییەکانی نێوچەی کرماشان، سنە، کەرکووک و تەنانەت نێوچەکانی جاف و هەورامیش ئامرازی «خستنەسەر» وێڵ دەکەن لە پاش ناوێک گەر بە دەنگی ئاوازەدار کۆتا بێت.

ئەوجا دوکتور مەکەنزی پێی وایە زمانی کوردی بەرتاوی زمانی فارسییە بەوەی سەرنجی داوە کە «دو - dw» ی سەرەتای وشە دەگۆڕێت بە «د».

ئەم سەرنجەش بێجێیە چونکە ئەم فراژییە هەر وەک فارسی، زمانی بەلووچی-یش دەگرێتەوە. لە هەر سێ زمانەکەشدا ئەم فراژییە دوو سەرچاوەی هەیە:

1- «دو-» زمانی فارسیی نێوەڕاست
2- «دو-» زمانی ئاڤێستایی نوێتر

جا گەر بڵێین «د-» ی فارسیی نوێ لە «دو-» ی فارسیی نێوەڕاستەوە، هاتووە بۆچی «د-» ی کوردی و بەلووچی لە «دو-»ی ئاڤێستاییەوە نەبێ؟ کەواتە لەم فراژووتنەدا، نە زمانی کوردی و نە زمانی بەلووچی، هێچیان بەرتاوی زمانی فارسیی نێوەڕاست نین. بەم بۆنەیەوە دەمهەوێت گوتەیەکی مامۆستا تیدیسکۆ بهێنمەوە

یاد کە دەبا زووتر باسی بکەم: «هەمیشە دەرفەت هەیە فراژووتنی زمانەوانی بە شێوازێکی لاتەریب و جودا لەیەکتر، بێنە چەرخان».

مامۆستا تیدیسکۆ ئاماژە دەکات بە وشەی «شفت» (واتە «شیر») لە زمانی باکووری ڕۆژاوادا کە بەرانبەرەکەی لە باشووری ڕۆژاوادا «شیر» ە و هەر ئەم «شیر» ەیە لە زمانی کوردیدا بەکار دێت. مەکەنزی هات و ئەم سەرنجەشەی کردە دەستاوێژێکی دیکە بۆ ئەوەی زمانی کوردی بەرێتە ڕیزی زمانی فارسیی نێوەڕاستەوە. بەڵام تەنها کرمانجی و بەلووچی نین وشەی «شیر» بەکار دێنن، ئەوەتا «گەوهاری» و «باجەلانی» یش بەکاری دەهێنن کە شێوەزاری «گۆرانی» ن و هەروەها شێوەزارەکانی نێوەند، وەک فەریزەندی، نەتەنزی، شەهمیرزادی، گیلەکەیی.

ئەم «شیر» ە لە «ئۆسێتی Ossetie»[XX] دا بە شێوەی «ئەخشیر» هاتووە کە نێزیکترە لە «خشیر» ی بنجەکەی خۆی کە لە «مونجی» ی سەربە زمانی «پامیر»[XXI] دایە. لە لایەکی دیکەوە وشەی شیر لە کرمانجیی کرماشاندا بە «شفتە» ش هاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، وشەی «شیر» ی کوردی لە فارسیی نوێوە خوازرابێت یان نا، ئەوا وشەی «شفت» لە چەند وشەیەکی کرمانجییدا هەر ماوە، وەک «شووتی - شفتی» و هەوەها «شفتەجێ» بە واتای ژنی هەمیشە زێ.

مەکەنزی دیسان هەوڵ دەدات زمانی کوردی لە زمانی فارسیی نێوەڕاست نێزیک بخاتەوە و لە دەستەی باکووری ڕۆژاوای دوور بخاتەوە، دەنووسێت:

*لەوە دەچێت زمانی کوردیش وەک زمانی فارسی بەشدار بێت لە فراژووتنی «ثر» ی ئێرانی کۆن بۆ «س». تاکە نموونەش کە تیدیسکۆ بە پەرێزەوە دەیهێنێتەوە — هۆکاری خۆیشی هەیە — ژمارە «سێ» ی کوردییە. بەڵام دەکرێت وشەیەکی دیکەش بکەینە نموونە کە وەها پێدەچێت خوازراو بێت چونکە هاوجۆری نێزیکی خۆی پەیدا نابن مەگەر لە شێوەزاری «باشکەردی» ی سەربە شێوەزارەکانی «مەکران»، ئەم وشە کوردییەش «پێخواس — پێخاووس» ـە و لە «باشکەردی» دا دەبێتە «پا - خوافس». لە «گۆرانی» شدا لەگەڵ جوداوازییەکی کەم دەبێتە «پا - ویروا» و لە «زەهرائییە» دا گەر لێی ورد بیتەوە «پا - خەروا» و «پا - خارەپا» دەدۆزیتەوە.*

مەکەنزی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

*دوکتور «ئی. گەرشەڤیچ»[XXII] - کە «باشکەردی» دۆزییەوە- لە جوامێریی خۆیەوە ئاگاداری کردم لەوەی دەکرێت شوێنپێی گشت ئەم جۆرانە هەڵگێریتەوە بە گەڕانەوە بۆ وشەی ئاڤێستایی «خڤا - ئەووثرە» بە واتای «هەبوونی پێپۆشی خۆی» having his own foot wear بەم جۆرە:*

(ئاڤێستایی) خڤ (1) ئەووثرە - خوائوسا - خواس (بە کوردی) (خ) (2) وائو (هـ) رە - واویر - ویروا (لە گۆرانیدا). (پێوەر: گۆرانی، پەرێ - هەرێ (3)، هرێ < ثرەیەهـ - و بەرەواژبوونە لە کوردی نێوەڕاستدا «بڕوا» < «باوەڕ»).

*خ (و) ائو (هـ) رە > خارو - (+ پا) (لە زەهرائیدا). (پێوەر: زەهرائی «خەس» - (واتە خەو) > «خڤەفسە»).*

من دەڵێم فراژووتنی «پێ-خواس» و ... هتد هێندە ئاڵۆز نییە، ئاسانترە:

سەرەتا سەیرێکی شێوازە «گۆرانی» یەکەی دەکەین «پا - ویروا» - ئەم وشەیە ئاوەڵناو (ڕەنگدێر) ی تێکبەستەیە و لەوە دەچێت لە «پا — وێ - روا» وە هەڵکشا بێت، بە واتای «کەسێک لەسەر پێی خۆی بڕوا» واتە مرۆڤی پێخاووس.

هەروەها وشەی «پا - خەروا» ی «زەهرائی» لەوە دەچێت بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی «پا — خە - روا» و هەمان واتای «زەهرائی» یەکەی دیکەی هەیە: «پا — خە - رەپا» - لە شێوە ئاڤێستاییەکەیدا کە «ڕەپ» لە بری «ڕەو» ە کە هاوواتای وشە گۆرانییەکەیە «پا — وێ - روا». ئەوجا دێینە سەر وشە کرمانجییەکەی «پێ — خۆ - ئاس» کە هاوواتای وشە تێکبەستەکانی سەرەوەن بە «ئاس» ی ئاڤێستاییەوە لەبری «ڕەپ» ی ئاڤێستایی. لەوانەیشە بنجی گشت ئەم شێوازانە مادی بێت.

لە هەلومەرجی وەهادا ناشێت کارێکی دروست بێت گەر بڵێین کوردی لە گۆڕینی «ثر» بە «س» پەیڕەوەی فارسیی کردووە. هەر لەم باسەدا دەڵێین ژمارە «سی» ی هەورامی هەر هەمان «س» ی فارسیی هەیە.

بەم جۆرە مەکەنزی بەردەوام دەبێت و پەیڤی دیکە دەکاتە بەڵگەی نێزیکتربوونی کوردی لە فارسییەوە وەک لە مادی. بۆ ئەم مەبەستەش بنجێکی خەیاڵکردی داهێناوە بۆ وشەی «پاڵاوتن» ی کرمانجی گۆیا «پەرە - داوەیە» یە، بەڵام من پێم وایە بنجی ئاڤێستایی هەیە شیاوترە ئەویش «ئەپە - رەئێثوە» یە کە لە زمانی «پازەندی» باشووریدا دەبێتە «پارووەدەن» و لە پەهلەویی ساسانی و فارسیدا دەبێتە «پالودەن». وشەی «پاڵاوتن» ی کرمانجی «تێپەڕی هۆکاربین» causative ە. بەڵام وەها پێدەچێت وشەی «پارزوون» ی کرمانجی و «پەرزێن» ی هەورامی لە «پەی ری - هرز» ی ئاڤێستاییەوە هاتبن کە دەکاتەوە «پاڵاوتنی ورد».

مەکەنزی پێی وایە کوردی، وەک فارسی، مەیلێکی هەیە بۆ گۆڕینی «رز» بە «ل». لێرەشدا لیستێکی ڕیز کردووە بەو «ل» یەی گۆیا لە فارسی، کوردی و بەلووچیدا هەن و بەرانبەریان «رز» ە لە باکووری ڕۆژاوادا. مەکەنزی دەڵێت:

*جیاوازیی کوردی و بەلووچی لەم باسەدا نیشانەیە بۆ ئەوەی خزمایەتیی بنجە کوردییەکە لەگەڵ زمانی فارسیی نێوەڕاستی باشوور نێزیکتر بووە.*

بەڵام هەم کرمانجی و هەم بەلووچی، هەر نەبێت لە یەک وشەدا کە خوازراوەی فارسی نییە، وێکڕا «رز» ەکەی دەگۆڕن بە «ل»، ئەویش وشەی «سیپهول - ک» ی بەلووچییە کە لە ئاڤێستاییدا «سپێبرزەن» ـە و لە کرمانجیدا «سپڵ» ـە کە زۆر نێزیکە لە «سیپهول» ی بەلووچییەوە.

گۆڕینی «رز» بە «ل» مەرج نییە ببێتە بەڵگەی بەرتاوبوونی باشووری ڕۆژاوا. نموونەکانی ئەو لیستەیە لە جۆری «سیپورز» ی فارسیی نێوەڕاست (واتە «سپڵ»)، و «سپڵ» و «ئسپول» لە ئێرانی نێوەنددا، لە شێوەزاری «گەهواری» دا، لە «گۆرانی» و «کاشانی» دا تەواو دژوەستاوی ئەم گریمانەیەن. لەوەش بترازێت «مل» ی هەورامی لە ئاڤێستاییدا «مرز» ە (واتە: مل). بەڵام وشەی فارسی هەیە «رز» ی ئاڤێستایی پاراستووە، وەک «گەرز» و «ڤەرز» ی ئاڤێستایی کە لە فارسیدا دەبنە «گەرز» و «وەرز» و لە کرمانجیدا دەبنە «کۆروز» و «وەرز». ئەوجا «گەرز» لە فارسی و کرمانجیی نێوەنددا بە «گلە» ش دێتە بەکار هێنان.

پێشنیازێکی دیکەی مەکەنزی دەستەی «ند» ی فارسییە کە لە کوردیدا دەبنە «ن». لە وەڵامی ئەم خاڵەدا دەڵێین: دەنگی تێکبەستەی «ند» لە کرمانجیی ژووروو، لە موکری و هەروەها سۆرانیدا نەماوە. هەر یەک لەو دوو دەنگە بە تەنێ دێنە دەربڕین و «د» نەفەوتاوە. لەگەڵ ئەوەشدا چەند وشەیەکی زۆر کەم هەن لە شێوەزاری سولەیمانیدا «د» و «گ» یان لە تێکبەستنی «ند» و «نگ» دا فەوتاندووە، بۆ نموونە وشەی وەک «بەنی» (بەندکراوە، بەستراو). وشەی «بەنی» لە شێوەزاری سنەدا بە واتای «گیراو، زیندانی» دێت. ئەوجا لە سۆرانی، موکری و سولەیمانەییدا «بەندی» بە زیندانی دێت، «هیندەک، هەندێک، هەنێ» بە واتای «هەندێک» دێت، «دەن» (دەنگ) و «بان» (بانگ).

لە سولەیمانیدا جار هەیە تێکبەستەی «ند» و تێکبەستەی «نگ» تێهەڵکێش دەکرێن و جار هەیە جودا دەکرێنەوە و بە دەنگی تاکی جودا دێنە دەربڕین: «ند» بە دەنگی لووتەکی - ددانەکی و «نگ» بە دەنگی لووتەکی – زارەکی. لە لایەکی دیکەشەوە دەنگی «ند» جاروبار لە سولەیمانی و هەمیشە لە کرماشان و سنە دەبێتە «ن». تەنانەت لە هەورامیشدا «ند» هەیە دەبێتە «ن».[10]

پرسیار لێرەدا ئەمەیە: ئایە کرماشانی بە تایبەتی و هەروەها هەورامی کە «د» لە تێکبەستەی «ند» لا دەبەن، بەرتاوی فارسین؟ هەڵبەت وەڵامەکەی نەخێرە! دەبێت سەرنجیش بدەینە ئەوەی «ند»  تەنها بۆ «ن»

---

10 - لێرەدا ئاماژە دەکەم بە توێژینەوەیەکی وردی خۆم - گۆڤاری «گەلاوێژ»، ژمارە 4، بەغداد، ساڵی 1940- دەربارەی فراژووتنی دەنگی «د» لە زمانی کوردیدا. ئەوجا ساڵی 1960 بۆ دوا جار دیسانەوە توێژینەوەیەکی دیکەم لەسەر دەنگی «د» لە شێوەزاری سولەیمانیدا ئەنجام دا. ئەم توێژینەوەیەم بە زمانی ئینگلیزییە و هەتا ئێستا بڵاو نەکراوەتەوە و لەوانەیشە هەر وەک نووسیارێکی مێژووکرد بمێنێتەوە و بڵاو نەکرێتەوە.
لە گوتارێکمدا کە تایبەت بۆ بەشی یەکەمی، بەرگی یەکەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردم نووسیبوو (1973)، پێشنیازم کرد ئەو دەنگەی «د - کلۆر» ە لا بدرێت چونکە بۆتە دەنگێکی جۆکەر و لە ژمارەیەکی زۆری وشەدا خۆی دەنوێنێت. ئەم دەنگە بۆتە کۆسپێکی سەخت بۆ تێگەیشتنی زمانی ئەدەبیمان و فێربوونی لە لایەن ئەو خەڵکەی سەربەو هەموو شێوەزارە زۆرەی کوردین.

نەکەوتووە، نە لە پەهلەویی ساسانیدا (بەپێچەوانەی فارسیی نێوەڕاست: «مانی»، «تورفان») و نە لە فارسیی نوێدا.

لە کۆتاشدا دێتە سەر ئەوەی مەکەنزی دەنووسێت:

*دوا پێکهاتنیش لە نێوان کوردی و فارسیدا بریتییە لە پاراستنی «فر-» ی سەرەتای وشە کەچی لە زۆر شێوەزاری دیکەی ئێرانیی باکووری ڕۆژاوادا دەبێتە «هر-» یان هاوشێوەیەکی ئەوە. هەروەها لە بەلووچیدا.*

بەڵام لە زمانی هەورامیدا کە «فر-» دەکاتە «هەر-» - وەک لە وشەی «هەرمەنە» (کار) دا – دەبینین دەنگە بنجییەکە «ف» لە سەرچاوەکەدا پارێزراوە: «فەرماوای» (فەرمان).

گۆشەنیگای دوکتور مەکەنزی بەوە داهێزرا کە هات و نموونەی لە وشەی کرمانجی هێنایەوە تێیاندا دەنگی «ف» ی بنجیی «فر» دەگۆڕێت بە «هـ». بۆ نموونە وشەی ئاڤێستایی «فرایا» کە ئاوەڵناوی پێوەرانەیە more ئێستە لە سولەیمانیدا بۆتە «هەرە» most و لەتەک ئاوەڵناودا بەکاردێت بۆ پێک هێنانی «ئاوەڵناوی بەراوردکار» ی وەک «هەرە کورت»، هەروەها ئاوەڵکار و ئامرازی کاری ئاڤێستایی «فرە - فرا» بە واتای «لەمەولا - بەرەو پێش» لە کرمانجیدا بوونە ئاوەڵکار و ئاوەڵناوی «فرە» (زۆر) > «هەرە» (زۆرتر). «فرا» ی ئاڤێستایی دەبێتە «هەڕا - ڕا» ی کوردی، وەک: هەڕاکردن – ڕاکردن، ڕاکێشان، ڕابواردن، ڕاوەستان.

ئێمە دەیسەلمێنین کە دوکتور مەکەنزی ورە و باوەڕێکی ڕەسەنی نێو دۆزەوە زمانەوانیەکانی خۆی دەکاتە دەراوی بۆچوونەکانی، بەڵام پەیجۆریی ورد پێشانی دەدات، ئەو پێشنیازانەی ئەو پێشکەشی کردوون بۆ داکۆکی لە گریمانەکەی خۆی، بەداخەوە ناجۆرن. وەک لەم تۆژینەوەیەدا باسمان کرد، پەیجۆرییەکانی دوکتور مەکەنزی بوونە هۆی پتەوبوونی بیروڕای باو. ئەوەندەی ئێمە ئێستە بتوانین بڕیاری تێدا بدەین ئەوەیە کە سەنگی بەڵگەکان هێز دەداتە ئەو لایەنی دەڵێتزمانی کوردی بەشێکە لە شێوەزارە ئێرانییەکانی باکووری ڕۆژاوا.

ئێمە باوەڕی تەواومان هەیە بەو بیرۆکەیەی دەڵێتزمانی کوردی زنجیرەیەکی بەردەوامە لە زمانە کوردییە ئارییە دێرینەکان و لە ئاڤێستایی – مادی.

لە کۆتاشدا گوتە زۆر گرینگەکەی پرۆفیسۆر مینۆرسکی دەهێنمەوە یاد و دەڵێم لای من هیچ هۆیەک نییە، وەک ئەوەی لای دوکتور مەکەنزی هەبوو، بۆ دەستکاری یان لاریبوون لە گوتەکەی مینۆرسکی کە دەڵێت: «شرۆڤەکردنی یەکبوونی میللەتی کورد دەبێت ببرێتەوە سەر بنەمای مادبوونیان». بگرە بەپێچەوانەوە، هەموو هۆکارێکم هەیە بۆ پشتیوانیی تەواو لەم بیرۆکەیە. گەر بشمەوێت بۆچوونی خۆم بە شێوازێکی دیکە داڕێژم، دەڵێم: «تەنانەت گەر کوردی هیندۆ-ئێرانی لە بنجدا ماد نەبووبن، مادی هیندۆ-ئێرانی کوردی ئەمڕۆن».

لەم تۆژینەوەیەدا جەختم لەسەر ڕەتکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئەو بۆچوونانە بووە کە گومانیان دەختە سەر هەڤبەندیی کورد و ماد. بەڵام لە دەرفەتێکی دیکەدا بەڵگەی ئایەتی [ئەرێنی – پۆزەتیڤ] دەهێنمەوە لەسەر هەڤبەندیی جێکەوتووی نێوان زمانی «ئاڤێستایی مادی» و زمانی «کوردی». لە نێو بەڵگەکانیشدا بەڵگەم دەبێت لە سەرنج و دیڤچوونی تایبەتی خۆم.

«...»

**پەراوێزەکانی ئەم تەرجەمە کوردییە**

---

I - پرۆفیسۆر ڤلادیمیر مینۆرسکی Vladimir Fedorovich Minorsky (1877-1966) مێژووناس، زمانناس، ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی ناوداری ڕووسە. مامۆستای زانا، کەمال مەزهەری دیرۆکنووس بەم جۆرە باس لە مینۆرسکی دەکات:

*مینۆرسکی نەخشێکی درەخشانی هەیە لە ڕووناککردنەوەی گەلێک لایەنی خامۆشکراوی مێژووی گەلی کورد، ئەویش لە ڕێی چەندین تۆژینەوەی بایەخدارەوە کە بە زمانی جۆراوجۆر نووسیونی دەربارەی ئەو دیرۆکە. ترۆپکی تۆژینەوەکانی مینۆرسکی بریتییە لەو تۆژینەوەیەی باسی «کورد» و «کوردستان» دەکات و بە زمانی فرانسی بۆ «زانیارستانی ئیسلامی » نووسیوە و ساڵی 1927 بڵاوکرایەوە. بڕوانە:*
*The Encyclopédie de l'Islam, vol. II, 1927, pp. 1196-1219, 1220-2.*
*(پاشان چاپی ئینگلیزی و ئاڵمانیی «زانیارستانی ئیسلامی» هەمان تۆژینەوەیان بڵاو کردەوە).*

*لایەنی هەرە گرینگی ئەم بابەتە لەوەدایە مینۆرسکی ڕیشەی کورد دەباتەوە سەر ماد و بەم کارەش سەرنجی مێژوونووسانی تەواو ڕاکێشا. هەر بۆ نموونە دەڵێم گەر ئەو تۆژینەوەیەی مینۆرسکی نەبا، دیرۆکنووسی مەزنی کورد، گیانشاد محەمەد ئەمین زەکی، خۆی لە دانانی کتێبە ناودارەکەی «خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان» نە دەدا. ئەوەتا خۆی لە دیباچەی کتێبەکەدا دەڵێت: پاش خوێندنەوەی ئەو تۆژینەوەیەی مینۆرسکی دەمودەست بڕیاری دا ((دەستپێشخەری بکات بە نووسینەوەی «کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی کورد و کوردستان لە سەردەمانی هەرە دێرینەوە هەتا ئێستا» ئەویش لەبەر ڕۆشناکی و لەسەر بنەما و شێوازی ئەم تۆژینەوە بایەخدارە))...*

بڕوانە: «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، بەغدا 1973، یەکەم پەراوێز بۆ گوتاری «الأكراد أحفاد الميديين»، نووسینی مینۆرسکی، تەرجەمە و پەراوێزنووسینی دوکتور کەمال مەزهەر، لاپەڕە 552.
مامۆستا ئەنوەر سوڵتانی شەش گوتاری هەڵبژاردەی مینۆرسکی تەرجەمەی کوردی کردووە و لە کتێبی *«مینۆرسکی و کورد»* دا ساڵی 2006 بڵاوی کردوونەتەوە، بڕوانە:
http://www.mukiryani.com/book_pro1.php?id=152

II - پرۆفیسۆر داڤید نەیل مەکەنزی David Neil MacKenzie (1926-2001) زانایە لە بواری زمانە ئێرانییەکاندا.

III - پاول تیدیسکۆ Paul Tedesco تۆژینەوەی زانستانەی هەیە تێیدا باکووری ڕۆژاوای ئێران بە نیشتمانی ئاڤێستا دیاری دەکات.

IV SOAS, University of London (the School of Oriental and African Studies)

V - زینۆفۆن Xenophon (c. 428-354 BC) ی مێژوونووس و فەیلەسووفی یۆنانییە و سەربە خێزانێکی ئەرستۆکراتی ئەتێنە. زێنۆفۆن وەک چەتە (جەنگاوەرێکی کرێگرتە) بەشداری ئەو لەشکرە دەبێت کە کوروش (کورش) ی گچکە شەتەکی دەدات بۆ جەنگی دژ بە ئەردەشێری شای هەخامەنشی و براگەورەی خۆی. لە شەڕی کوناکسا Cunaxa (401 BC) — ی کەنار ڕووباری فرات و نێزیکەی 70 کلیۆمەتر باکووری بابل — دا

کوروش دەکوژرێت. پاشان سەرلەشکری چەتەی یۆنانیانیش دێتە کوشتن و ئەوجا زێنۆفۆن زیرەکانە لەشکری یۆنان لە بابلەوە بە کوردستان و ئەرمەنستاندا دەرباز دەکات بۆ کەناری دەریای ڕەش. زێنۆفۆن ئەم پاشەکشەیەی بە وردەکارییەکی زەنگینەوە لە ئاناباسیس Anabasis دا تۆمار دەکات. لەو بەرهەمەیدا زێنۆفۆن باس لە وەڵات و میللەتی کاردۆخیان دەکات.
کوروش بە دوژمنی ئەتێن دادەنرا، ئەم لایەنگیرییەی زێنۆفۆن لە کوروش بووە مایەی دڵگرانیی دانیشتوانی ئەتێن لێی و ساڵانێکی زۆر شاربەدەریان کرد.

[VI] – پۆلیبیوس Polybius مێژوونووسی ناوداری یۆنانی دێرینە، زادەی مەزنەشار Megalopolis ی ئەرکادیا Arcadia ی دەوروبەری ساڵی 200 BC یە و دەوروبەری 118 BC مردووە. لە جەنگی ساڵی 168 BC دا بەرانبەر ڕۆمان، مەکەدۆنیا شکەست دەهێنێت. پۆلیبیوس دەبێتە یەک لەو هەزار ئەریستۆکراتەی ئەرکادیا کە ساڵی 166 BC بە دیل بران بۆ ڕۆما و 17 ساڵ لەوێ گیر بوو. لەو ماوەیەدا پۆلیبیوس شارەزای کاروباری فەرمانڕەوایی ڕۆمان بوو. *«مێژوو» The Histories* شاکارەکەی پۆلیبیوسە و بریتییە لە 40 کتێب، تایبەتە بە باسی مێژووی ئیمپەراتۆریی ڕۆمان (ساڵانی 264-146 BC) بەڵام مێژووی گشتیش بەسەر دەکاتەوە. سەرچاوە: *«زانیارستانی سوێدی» Nationalencyklopedin:* www.ne.se

[VII] – «حەسەن پیرنیا (1871-1935) ناودار بە «مشیر الدولە» و خاوەن بەرهەمی: *«تاریخ ایران باستان».*

[VIII] – سەلوکەس-ی دووهەم کالینیکوس Seleukos II Kallinikos 246-225 BC ناوزەد بە Pogon پاشایەکی سەلوکیان بوو.

دەوڵەتی سەلوکی لە سەر دەستی سەلوکەس-ی یەکەم Seleucus I Nicator – پاش مردنی ئەسکەندەری مەکەدۆنی و دابەشکردنی وەڵاتانی ژێردەستەی ئەسکەندەر لە نێوان سوپاسالارەکانی لەشکرەکەیەوە – هاتە دامەزران (312-66 BC). سەرەتا پێتەختی لە سەلوکیای کەنار دیجلە Seleucia on the Tigris بوو (بەرانبەر شاری تیسفون Ctesiphon ی پاشان ساسانییەکان کردیانە پێتەختی خۆیان — مەدائین-ی ئێستەی عیراق)، پاشان دەوروبەری ساڵی 293 BC گوێزرایەوە بۆ ئانتاکیا Antiochia ی کەنار ڕووباری ئاسی (عاصي) Orontes لە ئەنتاکیای تورکیای ئەم سەردەمە. ئیمپەراتۆریی سەلوکی لە ئەوپەڕی دەسەڵاتیدا زۆربەی وەڵاتانی نێوان یۆنانستان – میسر و هیندستان – ی لەژێر ڕکێفدا بوو.

[IX] – ئیمپەراتۆریی ئەشکانی / ئەرشاکی / فەرثی / فەرتی / پارتی The Parthian (Arsacid) Empire (247/250 BC – 224/226 AD) جێی دەسەڵاتی سەلوکیانی گرتەوە و پاشان لەسەر دەستی ساسانییەکان دەسەڵاتیان خامۆش بوو.
[X] – دەوڵەتی پارت، فەرتی (فەرثی) یان ئەشکانی هەر یەکە.

[XI] – ئەردەشیری پابەکان (اردشیر پابکان) (226-241) ی زایینی دامەزرێنەر و یەکەم شاهنشاهی دەوڵەتی ساسانی (225-651)ی زایینی. ساسانییەکان هەتا شاڵاوی عەرەبی موسڵمان فەرمانڕەواییان کرد. لە جەنگی «قادسیة»

(637) و «نەهاوەند» (642)دا ساسانییەکان شکان و پاشان دوا شایان «یەزدەگرد-ی سێیەم» کوژرا و بەوەش داستانی ئەوانیش کۆتا بوو.

XII – «کارنامەگی ئەردەشیری پابەک» – «کارنامەگ اردشیر بابکان» Kārnāmag ī Ardaxšīr ī Pābagān

XIII – میللەتی گال بە ئینگلیزی Gauls یان Gallic و بە لاتینی Ga´llia میللەتێک بوون لە ناوچەی باکووری ئیتالیا، فرانسا و بەلژیک دەژیان و سەربە زمانی سەلتیک / کەلتیک –ی ئەورووپایە. ڕەوی خێڵە کەلتیکەکان بەرەو باشوور ساڵی 390 BC گەیشتە ڕۆما و داگیریان کرد. پاشان لە نێوان 284-222 BC لە ئاست ڕۆمەکاندا شکەستیان هێنا.

XIV – ڕێژەو: ڕەوت، ڕێچکە.

XV – ڕێژگە: جێی ڕژانی چۆم و ڕووبار.

XVI – سترابۆ (سترابۆن) Strabo (Stra´bon) (64/63 BC - ca 25) مێژوونووس و جیۆگرافیاناسی یۆنانی دێرینە. بەرهەمە مێژوویەکانی فەوتاون بەڵام «جیۆگرافیا» کەی کە 17 بەرگە پارێزراون. ئاستی زانستیی بەرهەمەکانی سترابۆن سەروژێرە، بەڵام سەرنج و ئاگاداری لە گەشتەکانی خۆی تۆمار کردووە و هەروەها سوودی لە بەرهەمە دێرینەکانی ئەو دەمە وەرگرتووە کە بەشێکیان ئێستە نەماون. وێڕای کەماسی، «جیۆگرافیا» ی سترابۆن بەرهەمێکە لە نرخاندن نایەت.

سەرچاوە *«زانیارستانی سوێدی»* *Nationalencyklopedin* : http://www.ne.se/lang/strabon

XVII – سێر درایڤەر (1892-1975) Sir Godfrey Rolles Driver ڕۆژهەڵاتناسێکی ئینگلیزە، تۆژینەوەی لەسەر زمانگەلی سامی و لەسەر ئاشووریان کردووە. بۆ تۆژینەوەکانی درایڤەر دەربارەی کورد، بڕوانە Bulletin of the School of Oriental and African Studies بۆ نموونە:

- G. R. Driver, The Name Kurd and its Philological Connexions
  Journal of the Royal Asiatic Society (New Series) / Volume 55 / Issue 03 / July 1923, pp 393-403
  http://journals.cambridge.org/action/displayAbstract?fromPage=online&aid=5769496&fulltextType=RA&fileId=S0035869X00067605

- The Dispersion of the Kurds in Ancient Times
  Journal of the Royal Asiatic Society (New Series) / Volume 53 / Issue 04 / October 1921, pp 563 - 572
  http://journals.cambridge.org/action/displayAbstract?fromPage=online&aid=5702156&fulltextType=RA&fileId=S0035869X00149305

- G. R. Driver. The Religion of the Kurds
  Bulletin of the School of Oriental and African Studies / Volume 2 / Issue 02 / February 1922, pp 197-213
  http://journals.cambridge.org/action/displayAbstract?fromPage=online&aid=3909896&fulltextType=RA&fileId=S0041977X00102083

- G. R. Driver. Studies in Kurdish History
  Bulletin of the School of Oriental and African Studies / Volume 2 / Issue 03 / June 1922, pp 491-511
  http://journals.cambridge.org/action/displayAbstract?fromPage=online&aid=3909720&fulltextType=RA&fileId=S0041977X00102344

[XVIII] – ڕۆژهەڵاتناسی ناودار ئەلیکساندەر ژابا (1894-1803) Alexandre Jaba. ژابا و مەلا مەحموودی بازیدی (بایەزیدی) (1859-1797)، ویکڕا لە ساڵانی (1859-1858) دا یەکەم فەرهەنگی کوردی – فرانسی و فرانسی – کوردی – یان داناوە. ژابا بە هاوکاریی بازیدی چەندین دەستنووس و سەرچاوەی شاکاری کوردیی گرینگیان لە فەوتان پاراستوە، یەک لەوان ئەو دەستنووسەی «شەرەفنامە» یە کە بازیدی هەر لەو ساڵانەدا لە فارسییەوە تەرجەمەی کوردی کردووە.

[XIX] – زمانی « فەرتی / فەرثی» = پارتی، ئەشکانی، پەهلەوی ئەشکانی، پەهلەوی پارتی، پەهلەوی باکووری ڕۆژاوا.
بۆ ڕوونکردنەوەی خشتەی زمانگەلی ئێرانی بڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| زمانگەلی... | ئێرانیی دێرین | ئێرانیی نێوەڕاست | ئێرانیی نوێ |
|---|---|---|---|
| باکووری ڕۆژاوا | مادی | پارتی (فەرتی / فەرثی = پەهلەوی ئەشکانی) | کوردی، بەلووچی |
| | ئاڤێستایی | | |
| باکووری ڕۆژهەڵات | سەکایی | ئالانی، خەوارزمی، سوغدی | ئۆسێتی، یەغنابی |
| باشووری ڕۆژهەڵات | - - - | ساکی و باختەری (بەلخی ئەفغانستان) | پەشتوو، پامیری |
| باشووری ڕۆژاوا | فارسیی کۆن | فارسیی نێوەڕاست (پارسی=پەهلەویی ساسانی) | فارسیی نوێ (پارسی، داری، تاجیکی) |
| سەرچاوە «زانیارستانی سویدی» *Nationalencyklopedin* http://www.ne.se/lang/iranska-språk | | | |

[XX] – زمانی ئۆسێتی Ossetie یەکێکە لە زمانگەلی ئێرانیی نوێ و سەربە دەستەی باکووری ڕۆژهەڵاتە. ئۆسێتی لە ناوچەی کەوکاس (قەوقاس) برەوی هەیە.
[XXI] – زمانی پامیر یەکێکە لە زمانگەلی ئێرانیی نوێی سەربە دەستەی باشووری ڕۆژهەڵات.
[XXII] – گەرشەڤیچ (2001-1914) Ilya Gershevitch ئێراناسێکی ناودارە، خاوەن چەندین تۆژینەوەیە دەربارەی زمانی باشگەردی (کرمان، سیستان و بەلووچستان)، سوغدی، ئاڤێستایی و هەروەها زەردەشتایەتی.

«...»